# کوردی شیعە لە نێوان دەوڵەتی مەرکەزی شیعەو بزووتنەوەی کوردی سوننەدا



فەرەیدون قەنبەرڕەویسی

باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان ناوەندێکی هەرە گرنگی مێژویی کوردستانەو بەشێکی زۆر لەمێژوی نەتەوەکەمان لەسینگی پڕ لە ڕەمزو رازی ئەم ناوچەدایە. کاتێک کە سەیری مێژووی کورد دەکەی دەبینی پایتەختی زۆر دەسەڵاتو حکومەتی کوردی لەم ناوچەیەدا بووە بۆ نمونە "هگمەتانە"، پایتەختی دەوڵەتی مادو دینەوەری کرماشان پایتەختی دەوڵەتی حەسەنویەی کوردو بەهاری هەمەدانو چەمچەماڵی کرماشان دوو پایتەختی ویلایەتی کوردستانن.

کاتێک بۆ یەکەم جار لەسەردەمی سوڵتان سەنجەری سەلجوقی لەسەدەی دوانزەی زایینی ویلایەتی کوردستان وەکو لەفزێکی جوگرافی بەفەرمی هاتووەو چەن ویلایەتی وەک هەمەدان، دینەوەر، کرماشان، شارەزوورو سەنجاب هەبووە، پایتەختی ئەم ویلایەتە، قەڵای بەهار بووە کە ئێستا شارێکە لەشارەکانی پارێزگای هەمەدان لەباشوری خۆرهەڵاتی کوردستان کە لەوسەردەمەدا ویلایەتێک بووە لەویلایەتی کوردستان، دوایی لەکاتی پەلاماری مەغولەکان بۆ سەر کوردستان قەڵای بەهار گرنگی خۆی لەدەست دەداو چەمچەماڵی کرماشان دەبێتە پایتەختی ویلایەتی کوردستان. لێرەدایە کە دەبینین بۆ یەکەمجار ناوی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی لە ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان هاتووەو پایتەختەکەشی هەر لەوێنە بووە یانی قەڵای بەهاری هەمەدان. کە بەداخەوە بەهۆی هەندێ هۆکاری لاوازو کاتی کە باسی لەسەر دەکەین ئەم ناوچە گرنگەی کوردستان کە چەن سەدە ناوەندو قوڵتیسەی نیشتمانەکەمان بووە لەبزوتنەوەی کوردی ناوەیان گرتووەو خەڵکی ناوچەکە خۆیانیان لەپەراوێزدا دۆزیوەتەوەو تەنانەت سێ دەیەی رابردوو، کە هەستی مەزهەبی لەبەرزترین ئاستی خۆیدا بووەو هەستی نەتەوەیی لە نزمترین ئاستدا، ئەگەر زمانو دابو نەریتە کوردیە بەجێ ماوەکان نەبوایەن لەکوردبوونی خۆیانیش تووشی گۆمانو دوو دڵی دەبوون.

هۆکارەکانی ئەم پەراوێز کەوتنە دەگەڕێتەوە بۆ:

١. جیاوازی ئایینو مەزهەبو شێوەزار

٢. خواستو بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان

ئەوەی چۆن زۆرینەی خەڵکی ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان شێوەزارو مەزهەبیان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان جیاوازەو ئەم جیاوازییە دەگەرێتەوە بۆ کەی؟ شتێکە کە زۆر نووسەرو لێکۆڵەری ئەم ناوچە بەردەوام لەخۆیان پرسیار دەکەنو لەوەی کە بەڕاستی لەسەدەی رابردوو باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان لەبزوتنەوەی نەتەوەیی حزوورێکی کەمڕەنگی هەبووە ئازار دەبینن.

هەر ئەو جۆرەی باسمان کرد شێوەزاری خەڵکی باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان ـ کوردی خوارووە کە چەن بن زاراوەی هەیە وەک: گۆرانی، کەڵهۆڕی، لەکی، فەیلی، لۆڕی، زۆرینەی خەڵکیش پەیڕەوی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی ـ ینو بەشێکیشیان سەر بەئایینی یارسانن کە ئایینێکی کوردیەو بەرهەمی بیری کوردەو لەباشوری کوردستان پێی دەڵێن کاکەییو لەرۆژهەڵاتیش ئەهلی هەقو تایفەسانو یارسان ـی پێ دەڵێن.

بەداخەوە دانانی ناوێک بۆ شێوەزاری کوردی خوارین زۆر سەختەو هەر ناوێک دابنێیو هەڵبژێری کەمو کوڕی تایبەت بەخۆی هەیە. هەندێک بە"گۆرانی" ناوی دەبەن هەندێک بە"کەڵهۆڕی"و هەندێکیش بە"لۆڕی"و هەندێکیش بە"فەیلی". ئێمە لەم وتارە بەکوردی خوارووو ناوی دەبەینو لەوتارێکی تایبەتدا لەسەر ئەم زاراوەو بن زاراوانە بەتێرو تەسەلی باس دەکەین.

بەڵگەمێژووییەکان لەسەر ئەم ناوچە وەها دەردەخەن کە باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان، ناوەندی سەرهەڵدانی ئایینە کوردیەکان بووەو چەن سەدەی پەیەڵ پەی توانیوە بەرەنگاری فەرهەنگی داگیرکەرانی دەوروبەر بێو زیاتر لەهەر بەشێکی کوردستان خاوەنی هەستی نەتەوەیی بووگنو بۆ مانەوەی خۆیان وەکوو نەتەوەیەک ئیشیان کردووەو دەفتەرەکانی یارسانو دەسنووسە کوردیەکانی سەردەمی پەلاماری عەرەب بۆ سەر کوردستان گرنگترین بەڵگەن بۆ راستیو درۆستی ئەم قسە.

### ئەوەی نەهامەتی خۆمان بوو خستمانە ئەستۆی هۆکارە دەرەکیەکان، بەڵام بەڕاستی ئایا کورد نەیدەتوانی کاریگەری هەبێ بە سەر ئەم هۆکارانەدا؟

بۆ نمونە لەسەدەی دووهەمی کۆچی مانگی دەبینین کەسانێک وەکو باڵووڵی داناو هاورێکانی لەپێناوی پاراستنی دابو نەریتی کوردو بۆ بەرنگاربوونەوەی شاڵاوی وێرانکاری عەرەب دژ بەکوردو ئایینو دابو نەریتەکانی دەست لەدۆنیاو ژیان دەشۆنو خۆیان دەدەن لەشێتیو دێوانەییو شاخ بەشاخو گوندبەگوندو شار بەشار دەگەڕێنو وشیاری نەتەوەیی بەخەڵک دەبەخشن هەر ئەوجۆرەی کە باڵووڵ خۆی دەڵێ:

ئەو واتەی یاران، ئەو واتەی یاران
ئێمە دیوانەیم ئەو واتەی یاران
گەل گەل مەگێلوو یەک یەکێ شاران
تا زنە کەریم ئایین کوردان

دوابەدوای باڵووڵی دانا لەتەنگی گۆلی کرند ـ شاخوەیش لەلۆڕستانو فاتمەلۆڕو باوە تایەرو باوە سەرهەنگو سولتان سەهاکو.. هتد ئەم رێگا پیرۆزە دەگرنە بەرو سولتان سەهاک دەوڵەتی یارسان دادەمەزرێنێو ئایینی یاری دەکاتە ئەڵقەی یەکگرتن بۆ دامەزرانی دەوڵەتی کوردی یارسان. سەبارەت بەخزمەت بەزمانی کوردیو نەتەوە سازیو پەرەدان بەشۆناسو هویەتی کوردی لەرابردوو دەتوانین بڵێن سەردەمی سوڵتان سەهاک گەشاوەترینو گرنگترین سەردەم بووە. لەو سەردەمە بووە کە خەڵک لەوڵاتانی دیکە، وەک هیندوستانو پاکستانو ئێراقو تورکیاو ئێران روویان لەکوردستان کردووەو وێڕای باوەڕهێنان بەئایینی پیرۆزی یارسان، زمانی فەرمی ئەو ئایینە کە کوردی بووە فێر بوونو لەکاتی گەڕانەوەیان رەواجیان داوە.

لە سەردەمی سولتان سەهاکو چەن سەدە دوای ئەویش ئایینی یارسان لەزیندوو راگرتنو رەواج دانی دابو نەریتە کوردیەکانو زمانی کوردی رۆڵی دەوڵەتێکی بەدەسەڵاتو بەقوەتی هەبووەو سەرەڕای پیلانو نەخشەی داگیرکەران هێشتا ئاسەواری ئەو سەردەمانە لەبەرچاوە کەچی بەداخەوە ئەم ئایینە کە بەرهەمی بیری کوردە ئەمرۆ لای کورد تەنانەت وەکوو رەمزێکیش بایەخی پێنادرێو رێزی لێناگیرێ.

ئەم ئایینە لەناوچەکانی کرماشانو ئیلامو لۆڕستان پەرەدەستێنێو شێوازی گۆرانی کە دەفتەرە ئایینەکان بەم شێوەزاریە دەبێتە زمانی ئایینیو ئەدەبی ناوچەکە لەو سەردەمە.

بەڵام چۆن مەزهەبی شیعە لەناوچەکە پەرەی سەندو هۆکاری پەیوەندی شێوەزاری کوردی خواروو لەگەڵ مەزهەبی شیعە چیە رەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دەسەڵاتداری سەفەویەکان. لەوسەردەمە بووکە لەئاکامی شەڕی نێوان دوو ئیمپراتۆری عوسمانیو سەفەویە کە هەردووکیان مەزهەبیان کردبوو بەبیانوو بۆ پتەوی دەسەڵاتی خۆیان ـ کوردستان لەدوای شەڕی چاڵدرانو پەیڕەوی پەیماننامەی زەهاو لەساڵی ١٦٣٩ زایینی بوو بەدوو بەشەوەو بەشی فرەیەکی کەوتە بندەستی ئیمپراتۆری عوسمانی سوننە مەزهەبو بەشێکیشی کە دەبێتە رۆژهەڵاتی کوردستانی کەوتە بندەستی ئیمپراتۆری سەفەویەی شیعەمەزهەب.

بەم جۆرە کوردستان بۆ چەن سەدە بوو بەمەیدانی شەڕی نێوان دوو ئیمپراتۆری سەفەویەو عوسمانی کە مەزهەبیان کردبوو بەبیانویەک بۆ درێژەدان بەمانەوەی خۆیان.

بەشێکی فرە لەشەڕی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریە لەسەرخاکی کوردستانو لەسەر خەرجی کوردو گیانی رۆڵەی کورد بووەو رۆڵەی کورد دیواری گۆشتینو پاسەوانی ئەم دوو ئیمپراتۆرییە مەزهەبیە بووە. تا رادەیەک کە لەهەندێک لەبەشەکانی کوردستان کورد باوەڕی بەوە هێناوە کە دەبێ بۆ هەمیشە پاسەوانی سنوری وڵاتێک بێت کە وڵاتی خۆی نەبووەو نییە! قەڵخانو پێشمەرگەی سوپاو دەوڵەتێک بێت کە سوپاو دەوڵەتی خۆی نەبووەو نییە!. سنور پارێزی وڵاتێک کە بکۆژی گشت سەردارانی کورد بووە، هەر لەسەردارانی دلێری لۆڕو کەلهۆڕو گۆرانو جاف گرتووتەوە تائەردەڵانو بابانو موکریانو ئاراراتو درسیم.

لەدوای پەیماننامەی زەهاو، ئەو بەشەی لەکوردستان کەوتە بندەستی سەفەویە خۆی بوو بەدوو بەشەوە، یەکەم: بەشی کوێستانی مۆکریانو ئەردەڵانو هەورامان

دووهەم: بەشی کوێستانی ـ گەرمیانی، کرماشانو ئیلامو لوڕستان.

لەو سەردەمەدا ژیانو داهاتی زۆرینەی تیرەو هۆزو عەشیرەتەکانی کورد لەسەر مەڕو ماڵاتداریو ئاژەڵداری بووە. هەر بەم بۆنەوە خەڵک گەرمیانو کوێستانیان کردووە. هاوینان رۆیشتونەتە کوێستانو زستانان لەگەرمیان بوون. کاتێک کوردستان دابەش کرا، ناوچەکانی کوێستان کەوتنە بندەستی سەفەویەو گەرمیانیش کەوتە بندەستی عوسمانی.

خەڵکی ناوچەکانی موکریانو ئەردەڵانو هەورامان کە گەرمیانیان دەکەوتە باشوری کوردستان باشوری کوردستانیش لەبندەستی عوسمانی بوو، بۆ گوزەرانی ژیانیان نەیانتوانی یاساو رێساو پەیماننامەو رێکەوتننامەی نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریە لەبەرچاو بگرنو خۆیان بەخاوەنی گەرمیانو کوێستان دەزانی. ئەو پەیوەندییەی جارانیان قەد نەبرێ. ئەوە بوو کە بەهۆی هامووشۆو پەیوەندی لەگەڵ باشوری کوردستان کە لەبندەستی عوسمانی سوننە مەزهەب بوو، مەزهەبی سوننە لەنێو کوردەکانی موکریانو ئەردەڵانو هەورامانو جافەکان وەکوو مەزهەبی فەرمی دەرهاتو بەپێچەوانەوە بەشی دووهەمی خۆرهەڵاتی کوردستان کە دەکەوێتە کرماشانو ئیلامو لوڕستان، لەبەر ئەوەی هەم گەرمیانو هەم کوێستان لەبندەستی ئیمپراتۆری سەفەویە بوو، ئەوەندە پەیوەندیان بە عۆسمانیەکانەوە نەبوو زۆربەی پەیوەندیەکانیان گرێی خۆاردبوو بەدەرباری ئیمپراتۆری سەفەویە.

لەو سەردەمە بنەماڵەی زەنگنەکان دەسەڵاتداری ناوچەکە بوونو زۆر لەدەسەڵاتو دەرباری سەفەویەکان نزیک بوون، ئەم پەیوەندیو نزیکایەتیە تارادەیەک پێشچوو کە شێخعەلی خانی زەنگنە دەبێتە سەرۆک وەزیرانی سەفەویە هەر ئەم نزیکایەتیو پەیوەندیە دەبێتە هۆکارێک کە ئەم بەشەی کوردستان لەبابەتی مەزهەبیەوە لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان جیاببێتەوە.

هەر ئەوجۆری کە باسمان کرد، ناوچەی کرماشانو ئیلامو لوڕستان لەمێژەوە سەرچاوەی ئایینە کوردیەکان بووگنو شێوەزارو نوسراوەی ئەو ئایینە کوردیانەش گۆرانی بووە کە تێکەڵێکە لە ـ هەورامیو کەڵهۆڕیو لەکی.

زەنگنەکان بەپەیرەوی لەسەفەوییەکان بۆ رەواجی مەزهەبی شیعە لەناوچەکە ئیش دەکەن خەڵکیو ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەلاتیاندا بووە بەرەو شیعەبوون رادەکێشنو بەم جۆرە وردە وردە خەڵک لەئایینە کوردیەکان ناوە دەگرنو روو لەشیعە بوون دەکەن بەڵام هێشتا ئاسەواری یارسان لەو ناوچانە بەدی دەکرێو تەنانەت لەپارێزگایەک وەک ئیلام کە ئێستا هەمووی خەڵک شیعە مەزهەبن هەندێ سوێندو وشە بەکار دەگیرێ کە تەنیا لەئایینی یارسان هەیە.

سەبارەت بەپەیوەندی مەزهەبی شیعەو زاراوی کوردی خوارین دەبێ بوترێ ئەم بەشەی لەکوردستان لەژێر دەسەڵاتداری کەڵهۆڕەکانو زەنگنەکان بووگنو سەردەمانێک سولتان غەزنفەری کەڵهۆڕ (١٠٥٠کەم) هەر لەهەمەدان تاکوو بەغداو کەرکوک لەژێر فەرمانی بووگەو هەر ئێستاش ئەگەر بەباشی وردبینەوە دەبینین هەر لەکەرکوک شێوە قسەکردنو شێوەزارەکان دەگۆڕێنو زیاتر بەکەڵهۆڕی نزیک دەبنەوەو هەرئێستاش زۆربەی کاکەییەکانی باشوری کوردستان

### کوردستان بۆ چەند سەدە، بووە مەیدانی شەڕی نێوان دوو ئیمپراتۆری سەفەویو عوسمانی، کە مەزهەبیان کردبووە بیانویەک بۆ درێژەدان بەمانەوەیان

شێوەزاری ماچۆماچۆیان هەیە کە شێخعەلی خانی زەنگنە سەرۆک وەزیرانی سەفەویش هەر ئەو شێوەزارەی هەبووەو خۆی خەڵکی کەرکوک بووە.

هەر بەم بۆنەوە زەنگنەکان شێوەزاری ماچۆماچۆیان کە لەمەو پێشیش باو بووە، کردووە بەزمانی ئەدەبیو نوسراوەو مەزهەبی شیعەشیان کردووە بەمەزهەبی فەرمی ناوچەکەو ئێستا هەر کوردێکی شیعە ببینی بەحەتم شێوەزاری یان لەکیە یان کەڵهۆڕی یان فەیلیو بەزەحمەت کوردێکی سوننە مەزهەب دەبینی کە شێوەزاری کوردی خوارین بێت.

هەر ئەم جیاوازی مەزهەبو شێوەزارە وردە وردە بوو بەیەکێک لەو هۆکارانەی کە بەشێکی هەرە گرنگو دەولەمەنو مێژوویی کوردستانی لەبەشەکانی دیکە دابڕێ. دابڕانی ئەو ناوچانە لەکوردستانو دروستکردنی پارێزگایەک بەناوی کوردستان کە تەنیا بەشێکی هەرەبچووکی کوردستانی گرتووەتە خۆی، یانی ناوچەی ئەردەڵانەکان بوو بەهۆکارێک کە تیرەو هۆزەکانی کەڵهۆڕو فەیلیو گۆرانو لەکو لوڕ[؟] لەکوردستانی بوونی خۆیان تووشی دوو دڵیو گۆمان بن، تەنانەت ئەو سیاسەتە وەها دارێژراوە کە کابرای کەڵهۆڕ یان لەک بەخۆی دەڵێ کورد بەڵام باوەڕی بەکوردستانی بوونی خۆی نەماوەو مەزهەبیش تارادەیەک توانیوە کاریگەری لەسەر ئەم مەسەلە هەبێ.

لەسەرەتای سەدەی رابردوو لەباشوری خۆرهەڵاتی کوردستان مەزهەب گەرایی بەتەواوی بەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی زاڵ بوو توانی شوێنو رێی کوردایەتیو نەتەوەخوازی لێژبکاو برابکا بە دوژمنی برا تارادەیەک کە کوردی شیعەو سوننە مەزهەب لەخواردنی ئاوی ماڵی کوردی یارسان (کاکەیی) دووره پەرێزی دەکردو کوردی شیعەش عۆمەر سوتاندنی بەدیاری لەقوم و کاشانو مەشهەد هێنایە شارەکانی کرماشانو ئیلام کە سەردەمانێک قوڵتیسەی کوردایەتی بوون. کوردی سوننە مەزهەبیش بوو بەبرای بەرهەقی عۆمەر وئەبووبەکرو عۆسمان.

کوردی بێچارەو داماو، کوێرکوێرانە رووی لەم ئیمام زادەکان کردو گوزەرگای عەرەبەکان بوو بەشوێنی پیرۆز بۆ نەتەوەی ئێمە، تەنانەت سەرۆک هۆزەکانی کوردی شیعەش کە دەمردن وەسیەتیان دەکرد بیانبەن بۆ فلان ئیمام زادە یان گوزەرگای فلان ئیمامزادە لەفڵان شوێن.

بەمجۆرە مەزهەبگەرایی ریشەی خۆی لەباشووری خۆرهەڵاتی کوردستان دادەکوتێو هەستی نەتەوەیی کزو لاوازدەبێ. بەرووخانی رژێمی پاشایەتیو گرتنەدەستی دەسەڵات لەلایەن مەلا شیعەکانەوە، مەزهەبگەرایی گەیشت بەلووتکەو کوردی شیعە بەهۆی مەسەلەی مەزهەبی نەیتوانی بەشێوەیەکی بەرچاو لەبزوتنەوەی کوردی بەشداربێو تەنانەت زۆرێک لەخەباتی کورد بەدەستی کوردەوە سەرکوت کراو بەشێکی فرەش لەئیشی زایناریو ئیتلاعاتیو تیرۆری سەرکردەکانی کورد بەدەستی کورد ئەنجام درا. بەڵام ناتوانین تەنیا مەسەلەی مەزهەب بکەین بەهۆکاری سەرەکی بۆ بەشداری نەکردنی کوردی شیعە لەبزوتنەوەی کورد. بەرژەوەندیو خواستی دەوڵەتە زلهێزەکان هۆکارێکی دیکەیە کە نەیهێشتووە کوردی شیعە لەئێران بەشداری بزوتنەوەی کوردی بن. بەرژەوەندی وڵاتێک وەک بەریتانیاو فەڕانساو ئەمریکاو روسیا، یەکێک لەو هۆکارانەن بۆ ئەوەی هەستی نەتەوەیی لەبەشێک لەکوردستان لەئاستێکی هەرە بەرزدا بێتو لەبەشێکی دیکەش لەنزمترین ئاستدا.

دەوڵەتی بەریتانیا لەپێناوی بەرژەوەندی خۆی لەشوێنێک هاندەر بووە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هەستی نەتەوەیی کوردو لەشوێنێکی دیکە یارمەتی دەری دوژمنانی کورد بووە بۆ سەرکوت کردنی هەستی نەتەوەخوازی.

بۆ نموونە وڵاتێکی زلهێزی وەکوو بەریتانیا بەردەوام بەرژەوەندی خۆی لەبەهێزبوونی دەوڵەتی ناوەندی ئێران بینیوەو یارمەتی دەری دەوڵەتی ناوەندی ئێران بووە بۆ سەرکوت کردنی هەرجۆرە هەستێکی نەتەوەخوازی کورد.

مەسەلەن لەساڵی ١٣٠٠ کوچی مانگی عەشایری باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان یەکیەتیەک دروست دەکەن بەناوی یەکیەتی جافو کەڵهۆڕو گۆران بەسەرکردایەتی سەی رۆستەمی هەیدەری گۆرانو فلامەرز سوڵتان تفەنگچی. دەوڵەتی مەرکەزی لەشەڕ دژ بەم یەکیەتیە ناتەوان دەبێو بەریتانیا بۆ لەناوبردنی ئەم یەکیەتیە دەس بەجێ دێ بەفریای دەوڵەتی ئێرانەوەو بەتەدارۆکی ٤٠ هەزار سەربازی سوارەو پیادەو ناردنی ٥٠٠ هەزار تمەنی ئەو سەردەمە پشتگیری سوپای ئێران دەکا بۆ شکست هێنان بەم یەکیەتیەی عەشایری کورد کە یەکیەتیەکی کەم وێنەو نەتەوەییو کوردانە بووە.

بەم جۆرە بەریتانیا چون بەرژەوەندی خۆی لەیەکپارچەیی ئێراندا بینیوە، بەردەوام هەستی نەتەوەخوازی لە خۆرهەڵاتو باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان سەرکوت کردووە. بەڵام دەبینین لە لایەکی دیکەوە دەوڵەتی بەریتانیا بەنیازی شکست هێنان بەئیمپراتوری عۆسمانی، کورد لەباشوری کوردستانو ویلایەتی موسڵ یارمەتی دەداو رۆژنامەو گۆڤاریان بۆ دەردەکاو هاندەریان دەبێ تا داوای مافیان خۆیان بکەن.

بە پێچەوانەی بریتانیا دەبینین یەکێتی سۆڤیەت بەرژەوەندی خۆی لەکزیو لاوازی دەوڵەتی ناوەندی ئێران دەبینێو پاڵپشتی ئازەریو کورد دەکا بۆ مەسەلەی نەتەوەییو یارمەتی دەریان دەبێ لەپێناوی دامەزرانی یەکەمین کۆماری کوردستان لەناوچەی موکریان لە شاری مەهاباد.

بۆ نموونە لە سەرماوەزی (١٣٢٠) یەکیەتی سۆڤیەت شاندێکی ٣٠ نەفەرە لەعەشایرو کەسایەتیە ئاینیەکانی ناوچەی موکریان بانگهێشت دەکات کە سەردانی ئەو وڵاتە بکەن. لەو سەردەمە باشوری خۆرهەڵاتی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دەبێو بانگهێشت ناکرێنو ئەگەر لەناوچەی کەڵهۆڕو فەیلیو لەکو ئەردەڵانەکان کەسانێک بەشداری ئەم سەفەرە ببوایەن بەدڵنیایەوە مەسەلەی نەتەوەیی ئێستا لەو ناوچانە رەنگو بۆیەکی دیکەی هەبوو.

تەنانەت ـ دەوڵەتی بەریتانیا لەدژایەتی کردنی ئەم مەسەلە یانی سەفەری کوردەکانی مۆکریان بۆ یەکیەتی سۆڤیەت نارەزایی خۆی دەردەبڕێو وەزیری دەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەتیش باڵیۆزی بەریتانیالە روسیا دڵنیا دەکاتەوە کە لەم سەفەرەدا هیچ گفتۆگۆیەکی سیاسی رووی نەداوەو سەفەرەکە تەنیا سەفەرێکی فەرهەنگی بووە.

لێرەدایە کە دەبینین لەپێناوی بەرژەوەندی بەریتانیاو دەوڵەتی مەرکەزی بزوتنەوەو یەکیەتی کورد لەلایەن بەریتانیاوە لەکرماشان سەرکوت دەکرێو لەشوێنێکی دیکەی کوردستان وەک ویلایەتی موسڵ بۆ شکستهێنان بەعۆسمانیەکان کورد یارمەتی دەدرێ لەلایەن بەریتانیاوە. دڵنیام فلیچەری ئینگلیز لەکرماشان دەیتوانی هەر ئەوجۆرەی کوردی سوننە مەزهەبیان دژ بەدەوڵەتی عۆسمانی سوننە ئەنتریک کرد، کوردی شیعەش دژ بە دەوڵەتی شیعەی ئێران ئەنتریک بکەنو هاندەریان بن بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوەیی خۆیان.

تا ئێرە ئەوەی نەهامەتی خۆمان بوو خستمانە ئەستۆی هۆکارە دەرەکیەکان، بەڵام بەڕاستی ئایا کورد نەیدەتوانی کاریگەری هەبێ بە سەر ئەم هۆکارانەدا؟

بۆچی دەبێ کوردی کەڵهۆڕو لەکو فەیلی، شیعە، کوردی جافو ئەردەڵانو موکریان بە کوردی رەسەن بزانێتو خۆی بە نارەسەن، ئەوەش بە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندو دابو نەریتێکی رەسەنو حەشیمەتێکی زیاتر لە شەش ملیۆن کەسەوە؟

ئەوە چ هۆکار یان هۆکارگەلێکن کە بەشێکی گرنگ لە کورد هاندەدا بە خۆڕایی زمانو شوناسی خۆیان لە پێناوی رەزامەندی کەسانێک کە هەرگیزیش گومانیان لە سەرمان کەم نابێتەوە پاوڵاو پێشێل بکەن؟

هەروەها بۆچی سەرکردایەتی سوننە مەزهەبی کورد ئەوەندە بێ هێز بووە نەیتوانیوە مەسەلەی نەتەوەیی بکاتە ئەڵقەیەک بۆ یەکگرتنەوەی کوردو پەیوەندیەک لە نێوان گەورەکانی ناوچەکە دروست بکاتو کارێک بکات کە ئەوان خۆیان بە خاوەن خەبات بزاننو بەشداری بزووتنەوەی کوردی بکەن؟

ئەگەر تا ئێستاش مەزهەبو وڵاتە زلهێزەکان لە یەکگرتنەوەی کورد لەمپەر بوون، خۆ ئێستا بارو دۆخەکە گۆڕاوەو بەستێن ئامادەیە! ئێستا بۆ بێدەنگنو بە گوێرەی پێویست لە سەر ئەو ناوچە کار ناکەن؟ باس کردن لە سەر ئەم پرسیارانە دەهێڵین بۆ دەرفەتێکی دیکەو وتارێکی دیکە!.■


سەرچاوەکان:

١ـ ایلات و توایف کرماشان ـ محمد علی سلتانی

٢ ـ علوی نشینان زاگروس ـ محمد علی سلتانی

٣ ـ حکومەت کردستان ـ انوشیروان مستفا